

# هەندێک لە دادوەران یاسای یەکسانی ڕەگەزی لە شاهێدیدان پشتگوێ دەخەن

**گەواهیدان و شاهێدی ئافرەت و پیاو لەسەر بابەتە یاسایی و شەرعییەکان لە ئاستێکدا نییە و لەلایەن شارەزایانی هەردوو بواری شەرع و یاساشەوە خوێندنەوە و شیکردنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ، زۆربەی ئافرەتانیش پێیانوایە لەو بوارەدا وەك پێویست بایەخیان پێنەدراوە، جەختیش لەوە دەکەنەوە کە مافی شاهێدیدان وەك تێکڕای مافەکانی دی لەلایەن پیاوانەوە قۆرخکراوە.**

«ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەقە یاساییەکان، دەبینین لە هیچ کام لە یاساکان ئاماژە بەوە نەکراوە کە ئافرەت بە شاهێد وەرناگیرێ، یاسای باری کەسی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩، هەروەها یاسای بنەما دادگاسزاییەکان لە ماددەی (٦٨) ژمارە ٥٢٣ ساڵی ١٩٧١، یان یاسای سەلماندن ژمارە ١٠٧ی ساڵی ١٩٧٩ و تەنانەت لە دادگاکانی (تاوان و کەتن)یش شاهێدی ئافرەت وەردەگیرێت، کەچی لە دادگای باری کەسی بۆ گرێبەستی مارەبڕین، ئافرەت بە شاهێد وەرناگیرێ».

ئەوە دەستپێکی قسەکانی ڕۆژنامەنووس و چالاکی مافناس لانە ئامانج بوو. وتیشی: «ڕەنگە شاهێدی دان لە دادگای تاوان لە دادگای باری کەسی زۆر قورستر بێت، چونکە زۆر جار پێوەندی بە ژیانی کەسێکەوە هەیە و ڕەنگە بەو شاهێدییە کەسێک سزای زیندانی تاهەتایی بۆ دەربچێ، یاخود ڕەنگە بەو شاهێدییە کەسێک سزای لەسێدارەدانی بۆ دەربچێ، هەندێکجار دەقە یاساییەکان روون و ئاشکرا نین و جۆرە نارۆشنییەکی تێدایە، بۆ نموونە لە ماددەی (٦) بڕگەی (١-ج) یاسای باری کەسی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ باسی دوو شاهێدی کردووە، بەڵام دیاری نەکردووە ئەم دوو شاهێدە ئافرەت بن، یان پیاو، یان باسی ئەوەی نەکردووە کە ژن و پیاو لە شاهێدیدان جیاوازییان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەپێی ئەم یاسایە دەکرێت ئافرەت وەک شایەت وەربگیرێ، کەچی ئێمەی ئافرەتان ئەو مافەمان لێ سەندراوەتەوە، تەنانەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هێنانی دوو شاهێد بۆ شاهێدیدان واتا هێنانی دوو پیاو، بگرە لەکاتی گرێبەستی هاوسەرگیریش جێگەی ئافرەت وەك گەواهیدەر بەتاڵە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە هەندێك لە پیاوانی یاسایی و کاربەدەستانی دەوڵەت باوەڕیان بە گوفتاری ئافرەت و قەزیەی ئافرەت نییە، تا بۆیان بکرێ یاساکان دەخەنە خزمەت بەرژەوەندی خۆیان و هاوڕەگەزەکانیان، تەنانەت لە دابەشکردنی پۆستەکانیش غەدرمان لێدەکەن، لە کاتێکدا زۆرجار پیاوان خۆیان پێمان دەڵێن شەرع غەدری لە ئێوە کردووە و لە بەشێك نیو بەشتان

بەردەکەوێ، منیش دەڵێم: کەوایە بۆچی شاهێدیی دوو ئافرەت بە یەك شاهێدی پیاو یەکسان دەکەن؟»

د.بەشـــیر حەداد ئیمام و خەتیبی مزگەوتـــی جەلیل خەیات لە هەولێر، وتەکانی لە ســـەر هەمان پرســـیار بـــە ناوی خوای بەخەشـــندە و میهرەبان دەســـت پێدەکات و دەڵێت: «ئیسلام وەکو کۆتاپەیامی خوا ئایینێکە بەرنامەیەکی تەواوی هەیە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی، دەتوانین بڵێین ئیســـلام هەمـــوو لایەنەکانی ژیانی ڕەچاو کردووە و چارەســـەری بۆ داناوە، بایەخێکی زۆریشـــی بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان داوە، مەسەلەی شاهێدی لە ئیسلامدا ئەو مەرجانـــەی بۆ شـــاهێدی داندراوە هیـــچ پێوەندییەکی بە نێرینـــە و مێینەوە نییە، بەڵکو یەکەم مەرج ئەوەیە ئەو کەســـەی شـــاهێدییەکەی دەدات کەسێکی ڕاستگۆ بێت و جێگەی متمانە بێت، نابێ ئەو کەســـە خزمایەتییەکی نزیکی لەگەڵ ئەو کەسە هەبێت، بە پێچەوانەوەش نابێ کێشـــەی ڕکابەری و دوژمندارییان لە نێواندا هەبێت، مەرجێکی دیکەی شـــاهێد ئەوەیە کە زانیاری لەســـەر ڕووداوەکە هەبێت و ڕووداوەکەی بینیبێت، ئەم مەرجانەش چ لـــە ئافرەت، یـــان لە پیـــاو بوونی هەبێت، ئەوا ئەو کەســـە شـــاهێدییەکەی وەردەگیردرێت، تەنانەت زۆرجار شـــاهێدییەکەی ئافرەت لە شاهێدی پیاو قبووڵتر بووە، بەتایبەت لەو مەسەلانەی کە تایبەتن بە مەســـەلە کۆمەڵایەتییەکان، لەوانە شیردان، ئەگەر ئافرەتێك شـــاهێدی ئەوە بدات کە شـــیری بە کەسێك داوە، ئەوا شـــاهێدییەکەی قبوڵ دەکرێ، ئەگەر هاتو پێنج پیاویش بڵێن وا نییە، هەروەها مەســـەلەی کچێنی و نەســـەب کە شاهێدی پیاو وەرناگیرێ، جگە لە شـــاهێدیدانی ئافـــرەت، کەواتە لە زۆربەی حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکان شاهێدی ئافرەت ئەولەوییەتی پێدراوە، لە هەندێك مەسەلەش شاهێدیدانی هەردوولا یەکسان بووە، نموونەی مەسەلەی لیعان، لیعان بەو مانایە دێت ئەگەر پیاوێك بە چاوی خۆی ببینێت هاوســـەرەکەی خیانەتی لێکردووە و زینای کردووە، ئەوکات پێویســـت ناکات بۆ ئەوەی بڕوا چوار شاهێد بهێنێت بۆ ئەوەی ئیسپاتی بکات، بەڵکو قسەی پیاوەکە کافییە بە مەرجێك چوار جار سوێند دەخوات و دەڵێ من ڕاستگۆمە و جاری پێنجەم دەڵێ لەعنەتی خوا لە من بێ ئەگەر درۆ بکەم، بەم شـــاهێدیدانە زیناکە لەســـەر ژنەکە ئیسپات دەبێ، بەڵام ژنەکە لەم حاڵەتەشدا دەتوانـــێ ئەو تۆمەتە بە هەمان ســـوێند لەســـەر خۆی لابدات، چوارجار ســـوێند دەخوات کە پیاوەکە ڕاست ناکات، جاری پێنجەم دەڵـــێ خوا غەزەبم لێ بگرێ ئەگەر پیاوەکەم ڕاســـت بکات، بەم کارە ســـزای زینای لەسەر لادەچێت، کەواتە لێرەشدا شاهێدی ژن و پیاو وەکو یەك بوو، لەگەڵ هەموو ئەوانەشـــدا چەندین ئافرەت فەرموودەی پێغەمبەریان دروودی خوای لەســـەر بێت، ریوایەت کردووە، دایکمان حەزرەتی عائیشە زیاتر لە دوو هەزار فەرموودەی ریوایەت کردووە و هەمووشـــی جێگەی بـــاوەڕە، ئایا گێڕانەوەی فەرموودە شـــاهێدیدان نییە بەسەر پێغەمبەر؟ ئەگەر شاهێدیدانی ئافرەتێك بۆ شـــاهێدیدان لەســـەر پێغەمبەر قبووڵ بکرێت، چۆن شـــاهێدی ئافرەت لەســـەر مرۆڤێکی ئاســـایی قبووڵ ناکرێت؟ هەروەها لەکاتی مانگ بینین شـــاهێدی ژن و پیاو بە یەکسانی قبووڵ کراوە، بەڵام باس لەوە ناکرێ لە زۆر حاڵەتدا شاهێدی ژن لە هـــی پیاو زیاتر متمانەپێکراو بووە، تەنیا باس لەوە دەکرێ کە لە مەســـەلەی مامەڵە و قەرز دوو شاهێدی پیاو پێویستە، ئەگەر دوو پیـــاو نەبوو، ئەوا پیاوێك و دوو ئافرەت دەبنە شـــاهێدی ئەو مامەڵەکردنە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئافرەت لە مامەڵە و بازاڕ و کڕین و فرۆشتن زۆر دەست باڵا نییە، زانای گەورە د. مستەفا زەڵمی کاتێك لە لیژنەی پێداچوونەوە بە یاســـای باری کەســـی لەگەڵ ئێمەدا بوو، ڕای ئەوە بوو کە لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا ئەو دوو شـــاهێدە ژن و پیاو بن ئاساییە ئەو ئایەتەی هەیە تەنیا پێوەنـــدی بە مامەڵە و بازرگانییەوە هەیە، بەڵام لە مەســـەلەی مارەیـــی و تەڵاق ژن و پیاو وەکو یەك مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ، بە مەرجێك شایســـتەی شـــاهێدیدان بن، ئەوەش لە یاسای باری کەسێتی چەسپێندراوە.

مافناس و یاریدەری دادوەری شۆڕش حەسەن ، دەڵێت: «لە یاســـای ژمارەی ١٥ ساڵی ٢٠٠٨ لە مادەی ٣ بڕگەی یەك کە تایبەتە بە شـــاهیدی هاوسەرگیری، باس لە دوو شاهیدی خاوەن ئەهلیەتی یاســـایی دەکات و پاشان دەڵێت ژن و پیاو یەکسانە لەو بـــوارەدا، بەڵام ئەوەی کە تا چەند لە دادگاکانی هەریم جێبەجێ کراوە، ئەوە بابەتێکی دیکەیە. وتیشی: «یاسا عێراقییەکە پشتی بە شەریعەتی ئیسلام بەستووە، وەکو سەرچاوەی سەرەکی، چونکە بابەتەکانی باری کەسی بابەتگەلێکن پەیوەستن بە ڕێگەپێدراوەکان و قەدەغەکـــراوەکان لـــە بواری پێوەندی ژن و پیـــاو بە یەکتری، ئەم بابەتەش تەواو بابەتیکی پەیوەســـتە بە ئایینەوە و شەریعەتی ئیسلامیش ڕێسا و یاسای تەواوی لەم بوارەدا وەکو مەنزوومەیەکی فیقهی موتەکامیل هەیە .دوای هەموارکردنەوەی یاســـای ژمارە ١٨٨ی ســـاڵی ٢٠٠٨ بە یاسای ژمارەی ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨ لە دادگاکانی هەرێم کاری پێ دەکرێت و لە ســـەرجەم بوارەکاندا بە یەکســـانی شـــاهێدی ژن و پیاو وەردەگیردرێت. جا لێرەوە ئەگەر دادگاکانی هەرێم ئەم یاسایە وەکو ئەوەی هاتووە جێبەجێی نەکەن، ئەوە بابەتێکی دیکەیە و پێویســـتی بە بەدواداچوون هەیە، مادام یاساکە دەرچووە، دەبێت جێبەجێ بکریت، ئەگەریش ئیشکالییاتی فیقهـــی هەیە، دەکرێت بۆ شـــیکردنەوە و تەفســـیری قانوونەکە مەحکەمـــەی تەمییز یەکلایی بکاتەوە، ئەوندەی من ئاگاداری بم، دادگاکان یاساکە جێبەجێ دەکەن و هیچ گرفتێکی نییە.»

حاجی عزەدین ڕاوێژکاری یاســـایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونـــەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، دەڵێت: «ئەمڕۆ لە یاساکانی عێراقیدا بەندێکی تێدا نییە، بڵێت دوو ژن بە شاهێد وەربگیرێن، لە هەموو کێشـــەکاندا شاهێدی ژن وەکو شاهێدی پیاو وەرگیراوە، بە مەرجێك دەبێت تەمەنی ١٨ ســـاڵ بە سەرەوە بێـــت و لە ڕووی دەروونییـــەوە تەواو بێت، ئەو کات بە شـــاهێد دادەنێرێـــت، جا چ ژن بێت، یان پیاو بێت، بەڵام تا ئێســـتا خەڵك ڕانەهاتووە ژنێك ببات بۆ شـــاهێدی، بەڵکو بۆ هەموو شتێك پیاو دەبات بۆ شاهێدی.»

ئەو ڕاوێژکارە یاســـاییە جەختی لەوە کردەوە کە «لە ماددەی ٣ یاســـای ژمارە ١٥ ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان کاتێك کە یاسای باری کەسێتی هەموار کرایەوە، ئەوەش بۆ ئەم ماددەیە زیاد کرا کە دوو گەواهیدەر لەسەر گرێبەستی مارەبڕین پێویستە و ژن و پیاویش بۆ شاهێدیدان لەو بوارە یەکسانن.» وتیشی: «لە دادگاکان ژن بە شـــاهێد وەرگیراوە، تەنیا لە گرێبەستی مارەبڕین لەوانەیە ژن بە شـــاهێد وەرنەگیراوە، هۆکارەکەشـــی ئەوە بووە کە هەندێك لە دادوەرەکان باوەڕیان بەو یاســـایانە نییە و پێیانوایە لە ڕووی شـــەرعەوە دوو ژن بە یەك شـــاهێد وەردەگیرێن، هیوادارم ئەوانیش بێنە قەناعەت و کار بەم یاسایەی ئێستا بکەن.»

**زانای گەورە د. مستەفا زەڵمی کاتێک لە لیژنەی پێداچوونەوە بە یاسای باری کەسی لەگەڵ ئێمەدا بوو، ڕای ئەوە بوو کە لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا ئەو دوو شاهێدە ژن و پیاو بن ئاساییە، بە مەرجێک شایستەی شاهێدیدان بن، ئەوەش لە یاسای باری کەسێتی چەسپێندراوە**

**لە یاسای ژمارەی ١٥ ساڵی ٢٠٠٨ لە مادەی ٣ بڕگەی یەک کە تایەبتە بە شاهیدی هاوسەرگیری، باس لە دوو شاهیدی خاوەن ئەهلیەتی یاسایی دەکات و پاشان دەڵێت ژن و پیاو یەکسانە لەو بوارەدا، بەڵام ئەوەی کە تا چەند لە دادگاکانی هەریم جێبەجێ کراوە، ئەوە بابەتێکی دیکەیە**



# نەریتی کۆمەڵگە بۆ گەیشتن بە پۆستی باڵای سیاسی لەمپەر بۆ خانمان دروستدەکات

لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو ئافرەتان لە خۆکاندیدکردن بۆ پۆستەباڵاکانی بەڕێوەبردنی وڵات سڵ ناکەنەوە، بەڵام لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی بە هەرێمی کوردستانیشەوە ئافرەتان کەمتر خۆیان لە قەرەی خۆپاڵاوتن بۆ ئەو پۆستانە دەدەن، کۆمەڵناس و چالاکوانانی مەدەنیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە نەریتی کۆمەڵگە بۆ گەیشتن بە پۆستی باڵای سیاسی لەمپەری زۆری بۆ خانمان دروست کردووە. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتە راوسەرنجی خۆیان بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.

**لەوڵاتە پێشکەوتووەکان ئافرەت پێگەی خۆی لە دەستەبەرکردنی مافەکانیدا دۆزیوەتەوە**

ستار ئەحمەد، نووسەر و ئەندامی دەستەی کارگێڕی یەکێتی نووسەران لە کەرکووک، کاتێك ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەکرێتەوە کە بۆچی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی بە هەرێمی کوردستانیشەوە زۆربەی ئافرەتان خۆیان لە قەرەی خۆپاڵاوتن بۆ پۆستە باڵاکانی بەڕێوەبردنی وڵات نادەن؟ ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی جیاوازی زۆریان هەیە، ئەو نووسەرە ڕایوایە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئافرەت پێگەی خۆی لە دەستەبەرکردنی مافەکانیدا دۆزیوەتەوە، بەڵام «لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری و نەریتی، پیاوان باڵادەستن و هەموو جومگەکانی ژیانیان داگیرکردووەو بوونەتە بەربەست لەڕێگەی ئازادی ئافرەتاندا و بەڕەوای نازانن ئافرەت لەگەڵ پیاودا هەڵسەنگێنن و هەمان مافی پیاوانیان پێبدرێ»، گوتیشی «لە کۆمەڵگەی وادا هەمیشە پیاو خۆی بەپێشەنگ دەزانێت و هەموو یاساو ڕێساکانیش لەسەر دەستی پیاو دادەنرێ و لە بەرژەوەندی خودی پیاوە. بەداخەوە هەندێك لە ئافرەتانیش ڕازین بەوی کەپیاوان داکۆکییان لێبکەن و تائێستا باوەڕیان بەو تیۆرە سەقەتەیە کە پیاو پیاوەو ژنیش ژن. واتە باوەڕیان بە جیاوازی ڕەگەز هەیە. لەزۆر ئاریشەکاندا پەنا بۆ پیاوان دەبەن. ئەمەش وایکردووە، هەردەم بەشخوراو بن و لەدواوەی پیاوانەوە ریزبەند بکرێن و نەتوانن لە پۆستەکان و زۆر کایەی ژیاندا بەشداربن».

**ئافرەت لەڕووی عەقڵەوە هیچی لە پیاو کەمتر نییە**

دەریا هەڵەبجەیی شاعیر، لەوبارەیەوە رای تایبەت بە خۆی هەیە و دەڵێت «من بۆخۆم رقم لە سیاسەتە و پێموایە ئافرەت زۆر لەوە گەورەترە بەو هەست و سۆز و مێهرەبانییەوە تێکەڵ بەو پۆستە سیاسی و سەربازییە پڕ لە دڵڕەقییانە بێت، بێگومان مەبەستم لە بێ توانایی ئافرەت نییە، لەڕووی عەقڵەوە هیچیان لە پیاو کەمتر نییە، بەڵام گەورەیی و مێهرەبانی ئافرەت لەگەڵ ئەو پۆستانەدا ناگونجێت، بۆیە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش بە دەگمەن ئافرەت هەیە کە کاروباری بەڕێوەبردنی وڵاتی لە ئەستۆ بێت».

**باشترین بەردەباز بۆ ئافرەت ئەوەیە سەرەتا بتوانێ سەرۆکایەتی حزبێك بكات**

هونەرمەند پۆلا سەعدی، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات، کە هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە، سەبارەت بە هۆکاری ئەوەش کە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی بە هەرێمی کوردستانیشەوە ئافرەتان خۆیان لە قەرەی خۆپاڵاوتن بۆ پۆستە باڵاکانی بەڕێوەبردنی وڵات نادەن، نموونە بە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هێناوە و گوتی «گەر بۆ نموونە باسی پۆستی سەرۆکی هەرێم بکەین، دەبینین جگە لە کەسایەتی و بایەخە سیاسییەکەی لە کوردستاندا، پێویستی بە چەندین پاڵنەری دیکە هەیە، لەوانە: پاڵێوراوی ئەو پۆستە پێویستە کەسایەتییەکی قیادی و خاوەن پێگەی دیپلۆماسی نێودەوڵەتی خاوەن مێژوو و رابردوویەکی وڵاتپارێزانەی متمانەپێکراو و خاوەن پێگەیەکی بەهێزی جەماوەری بێت».

ئەو هونەرمەندە بە پێویستی زانی « ئافرەت سەرەتا لە ناو حزبدا بگاتە پۆستی سەرۆکایەتی و ئەزموون و پێگەی کەسایەتی خۆی بسەلمێنێ و دواتر بۆ پۆستی سەرۆکایەتی وڵات خۆی بپاڵێوێت»، ئەوەشی بە باشترین بەردەباز بۆ ئافرەت ناو برد کە بتوانێ سەرۆکایەتی حزبێك بکات و هەموو ئەندامانی حزبەکەی بە هەردوو ڕەگەزەوە بە دەنگی خۆیان پشتگیری بکەن». گوتیشی «نەك سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان، ئافرەتێکمان نییە بتوانێت وەك پارێزگاری پارێزگایەك بتوانێت، ڕۆژانە لانیکەم پتر لە ١٥ کاتژمێر خۆی بۆ کارەکەی تەرخان بکات، ئەوەش مانای ناکارامەیی ئافرەت نییە، بەڵکو فاکتەری خۆی هەیە و جگە لە ڕێگریە ئایینی نەریتییەکان پێویستە کۆمەڵگەش بە تەواوی قۆناغی چەسپاندنی دیموکراسی و یەکسانی ڕەگەزی تێپەڕ بکات و ئافرەتیش شانبەشانی پیاوان هەوڵ بدەن خۆیان بۆ وەرگرتنی پۆستەباڵاکانی وڵات ئامادە بکەن».

**لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دەرفەتی زیاتر بۆ ئافرەت دەڕەخسێت**

ڕۆژنامەنووس عیماد جەباری، سەرەتا هێما بۆ دەستووری عێراقی فیدراڵ دەکات و دەڵێت «لە ناوچەکەدا، عێراق تاکە وڵاتە کە دەستوورەکەی مافی ٢٥٪ی کورسییەکانی پەرلەمانی بە ئافرەت داوە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ئافرەتێك لە پۆستە سیادییەکانی وڵاتدا نەبینراوە، جگە لە وەزیری ئافرەتان نەبێت، لە هەرێمی کوردستانیش تەنیا یەك ئافرەتی وەزیر هەیە»، هۆکاری ئەوەشی لەم دوو خاڵەدا بەرجەستە کرد، یەکەم: کۆت و بەندی کۆمەڵایەتی و ئایینی وایکردووە، بەچاوی کەم سەیری ئافرەت بکرێت و تەنانەت ڕووبەڕووی ئازار و توندوتیژی و کوشتنی ڕۆژانە ببنەوە، ئەوەش ڕێگر بووە لەوەی ئافرەت نەتوانێ بیر لە خۆڕاهێنان و خۆپێگەیاندن بۆ کاروباری دەسەڵاتی سیاسی بکاتەوە. دووەم: ئافرەت خۆی کەمتەرخەمە و پشتگیری یەکتری ناکەن، تەنانەت هەندێك لە ئافرەتانیش بڕوایان بەوەیە کە ئافرەت تەنیا بۆ کاروباری ناوماڵ و پەروەردەی منداڵ گونجاوە و توانای کاری سیاسی و وەرگرتنی پۆستی سیادی نییە، ئەوەش وایکردووە کە تەنانەت خۆیان کۆسپ بۆ ئافرەتانی سەرکەوتووی هاوڕەگەزی خۆیان دروست دەکەن، بەڵام لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئافرەت لە کەشوهەوایەکی ئازاد و یەکسان دەژی و دەرفەتی زیاتری بۆ دەڕەخسێت».

**عێراق تاکە وڵاتە لە ناوچەکەدا ٢٥٪ی کورسییەکانی پەرلەمانی بە ئافرەت داوە، کەچی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق هەرکام تەنیا یەک وەزیری ئافرەتیان هەیە**

**لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش بە دەگمەن ئافرەت هەیە بەڕێوەبردنی وڵاتی لە ئەستۆ بێت، چونکە گەورەیی و مێهرەبانی ئافرەت لەگەڵ ئەو پۆستانەدا ناگونجێت**

**هەندێک لە ئافرەتان باوەڕیان بەو تیۆرە سەقەتەیە کە پیاو پیاوەو ژنیش ژن. ئەمەش وایکردووە نەتوانن لە پۆستەکان و زۆرکایەی ژیاندا بەشداربن**

## کچە ئێزیدییەک:

# تەنیا بەوە دڵخۆشم سەرۆک بارزانی بەڵێنی داوە هێزی پێشمەرگە تۆڵەی نامووسمان لەو نامەردانەی داعش بکاتەوە

**کۆمەڵکوژیی خەڵکی سڤیلی شنگال لەلایەن تیرۆریستانی داعش -ەوە تەواوکەری زنجیرە کۆمەڵکوژییەکانی ئەنفال و پرۆسەی قڕکردنی نەتەوەی کوردە. چەکدارانی دڕندەی داعش لەو زنجیرە تاوانەدا، جگە لە ڕەشەکوژیی پیاوان و منداڵانی ئێزیدی، پاکیزەکانی ئێزیدییان کردە ئامانج و وەك سەبایە و دەستکەوتی شەڕ تا هەنوکەش لە بازاڕی شارەکانی بندەستی داعش لە سووریا و عێراق مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکەن، ژمارەیەکی زۆریش لەو ئافرەتانەی کە نەکەوتنە بەردەستی داعشییەکان، بێ خانوو و ماڵ و بێکەس و کار کراون و چارەنووسیان نادیارە و لە ناو کەمپەکانی باشووری کوردستاندا بە فرمێسك ماکیاجی ڕوخساریان دەکەن، یەکێك لەو ئافرەتانە باسی نەهامەتییەکانی خۆی بۆ گوڵان دەکات.**

جلێکی سەر تا پێ ڕەشی لە بەر کردووە، سەرپۆشێکی ڕەنگ شۆکۆلاتەی بە سەردا داوە، لەو دیوی دیوارە تەلبەندکراوەکاندا، لە ژێر دەوارێکی کەمپی (شاریا) لە کۆمەڵگەی شاریا-ی دهۆك دانیشتووە. تەمەنی لە ٢٠ بەهار تێناپەڕێت، بەڵام بەسەرهات و ئاریشەکانی ژیانی، وایکردووە، گەلێك بەتەمەنتر نیشان بدات. خۆی بە سەبری ئەلیاس دەناسێنێت. کاتێك باسی یەك ساڵی رابردووی ژیانی دەکات، پێش هەموو شت، چەند وێنەیەکی خێزانەکەی دەهێنێت و لە پڕ هەنیسکی گریان قوڕگی دەگرێت و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە دەڵێت: «ئێمە دانیشتووی گوندی (شێخ خدرێ) بووین، کاتێك داعش هێرشی کرد، خەڵکی گوندەکەمان ڕووبەڕوویان بوونەوە، بەڵام ئەو داعشانە چەکی گەورە و سەیارەی زلیان پێ بوو، زۆر ترسناك و دڕندە بوون، ئەوەی بەردەستیان بکەوتایە، دەیانکوشت، سەری چەندین پیاویان لە بەر چاوی منداڵەکانیان بڕی، خەڵك هەمووی هەڵدەهات و پیاوە وەحشەکانی داعش بە دۆشکە گوللەڕێژیان کردین، لە هەموو خێزانەکەمان تەنیا من دەرچووم، لە بەر چاوی خۆم دایك و باوك و خوشك و براکانم کوژران، ژمارەیەکی زۆری خەڵك کوژران، تەنیا ئەوانە دەرباز بوون کە بەرەو چیای شنگال رایان کرد. داعشەکان ئەوەی گەنج و پیاو بوو، دەیانکوشتن و ئافرەتەکانیشیان دەرڕفاند. ئەوەی لە چیاکەش بهاتایەتە خوارەوە، لە لایەن داعشەکانەوە گوللەباران دەکرا، ئەوەشی لەوێ مایەوە، ژمارەیەکیان لە برسێتی و تینوویەتی و گەرمای هاوین گیانیان لە دەستدا. چونکە بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ لە چیا بێ نان و ئاو ماینەوە، دواتر فڕۆکەکان فریامان کەوتن و هەندێك خوارن و خواردنەوەیان بۆ هێنایین، کە لە ئاسمانەوە فڕێیان دەدا خوارەوە، بەڵام ئەوەش بەشی هەموو خەڵکەکەی نەدەکرد، زۆر منداڵی ساوا و ژن و پیاوی بەتەمەن بەرگەی ئەو عەزابەیان نەگرت و گیانیان لە دەست دا».

سەبری بە ئارامیی فرمێسکەکانی لە سەر ڕوومەتی سڕییەوە و بەمجۆرە درێژەی بە قسەکانی دا: «هیچ ئایین و ویژدانێك ڕێگە بە دەستدرێژیکردن بۆ سەر نامووسی خەڵك نادات. بەڵام داعش کچی خەڵك دەرڤێنێت و کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکات. ئەو ئافرەتانەی لە دەستی داعش رزگاریان بووە، باسی ئەوەیان بۆ کردووین کە ژمارەیەکی زۆری کچەکانمان خۆیان کوشتووە، چونکە کچی ئێزیدی لە کەسی قبوولْ ناکات تەعەدای لێبکات، تەنانەت ئەگەر گیانیشی لە سەر دابنێت».



**وەحشەکانی داعش بە دۆشکە گوللەڕێژیان کردین، لە هەموو خێزانەکەمان تەنیا من دەرچووم**

**بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزدیییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان: لە کۆی ٥ هەزار و ٨٣٨ هاووڵاتی ئێزیدی دوو هەزار و ١٤ کەسیان لە دەستی داعش رزگار کراون**

سەبری لە کۆتایی قسەکانیدا بە دڵێکی خەمبار و تۆڵەخوازەوە باسی ئەوە دەکات کە لە تەلەفزیۆن چاوی بە مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کەوتووە کە پێش نیوەڕۆی رۆژی ٣ی ئاب لە دهۆک بەشداری لە ساڵیادی کارەساتی شنگال کرد. هەر لەو بارەیەوە وتی: «کاک مسعود بارزانی لە دهۆک بەڵێنی بە هەموو شنگال و ئێزیدییەکان دا، تۆڵەمان لەو نامەردانەی داعش بکاتەوە، منیش ئێستا تەنیا بەو بەڵێنەی سەرۆک بارزانی دڵخۆشم کە هێزی پێشمەرگە تۆڵەی ناموسمان لەو نامەردانەی داعش بکاتەوە. هەروەها داوا لە بەرێزیان دەکەم هەموو هێزی خۆی بخاتە کار بۆ رزگارکردنی ئافرەتانی ئێزیدی لە دەستی داعشەکان و هیوادارم لەو عەرەبانەی ناوچەکەش خۆش نەبن کە دەستیان خستە ناو دەستی داعش و بوونە هۆکاری کوشتنی کەسوکارمان و سووکایەتی بە ئافرەتانی ئێزیدی.»

لە لای خۆیەوە خەیری بۆزانی، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: «بەپێی ئەو ئامارانەی کە هەتا ئێستا تۆمار کراون، ٥ هەزار و ٨٣٨ ژن، منداڵ و پیاو کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش، هەتا ئێستاش توانراوە دوو هەزار و ١٤ کەس لە دەستی داعش رزگار بکرێن کە ٧٦٧ ئافرەت، ٣٠٠ پیاو، ٤٦٢ کچ و ٤٨٥ کوڕ.

بۆزانی ئەوەشی خستەڕوو کە «دوای شەڕی داعش زیاتر لە ٤٠٠ هەزار ئێزیدی ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون و لە ١٨ کەمپی هەرێم ژیان بەسەر دەبەن.

تیرۆریستانی داعش رۆژی سێی ئابی ٢٠١٤ هێرشیان کردە سەر شارۆچکەی شنگال لە باشووری کوردستان و زیاتر لە چوار هەزار کوردی ئێزیدی کەوتنە دەستی ئەو گرووپە تیرۆریستە و هەزاران خێزانی دیکەی ئێزیدیش ئاوارەی چیای شنگال و ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان بوون.